هیچ ئاهەنگێك بەبێنەی سەری ساڵی نوێ لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەڕێوە ناچێت

سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بێیاری دا هیچ ئاهەنگێك بەبێنەی سەری ساڵی نوێ لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەڕێوە نەچێت بەهۆی رووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی چەند ڕۆژی رابردووی سۆران کە ژمارەیەك قوربانی و بریندارى لێ کەوتەوە.

هێگورد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاری ئیدارەی سۆران رایگەیاند: بە ڕۆزگرتن لە قوربانییانی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی ڕۆژی 8/12ی باڕخانەیەکی نیشتەجێبوون لە سۆران، بریاردرا هیچ ئاهەنگ و بۆنەیەکی سەری ساڵ لە ئیدارەی سۆران بڕێوەنەچێت.

ڕاشیگەیاند: بەڕێوەنەچوونی ئاهەنگ و بۆنەکانی سەری ساڵ وەک هاوخەمییەک دەبێت لەگەڵ کەسوکاری قوربانییەکان و ڕۆزگرتن لە گیانی پاکی قوربانییان.

ڕۆژی 8/12ی ڕابردوو لە ئەنجامی کەوتنەوەی ئاگر لە باڕخانەیەکی نیشتەجێبوون لە سۆران، 14 هاووڵاتی بوونە قوربانی و ژمارەیەکیش بریندار بوون.